# سەدام حسێن یەک کەسێتی تاک نییە نوێنەری فکری کۆمەڵگایە... چرۆ زەند

zandchro@hotmail. com



هەروەك (سەدام حسێن) ی دكتاتۆر سەرۆكی پێشووی عێراق تاكەكەس نەبوو، بەڵكو نوێنەری فكری شۆڤێنی عەرەب بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. وە بەرێكەوت لە دایك نەبوو. بەڵكو زادەی كۆمەڵگایەكی دواكەوتوە. نە یەكەم و نە دواهەمین تاوانكارو دیكتاتۆرە. ئەم كۆمەڵگایە دكتاتۆری تریش بەرهەم دێنێ، تەنها ناویان دەگۆڕێ. هەروەك مەزلووم زاڵم دروست دەكات. عێراق وە خەڵكی عێراق ساكاریو نەزانی وان زەمینەی خۆش كرد بۆ دروست بوونی. یارمەتیدەری تەمەن درێژی حوكمڕانی ئەو، فكری شۆڤێنی عەرەب بوو.

سەدام لە ڕەحمی گۆمەڵگای عەرەبدا لە دایك بوو، هەڵگری بۆچونی عەرەبی شۆڤێنی بوو. گەر دەسەڵات بەهەر یەكێ لەو شۆڤییەنیانە بدرێ كەسیان لەو باشتر نابن. كە تاوان ناكەن لە بەر نەبوونی دەسەڵاتە، نەك مرۆڤ دۆستی. ئایا سەدام حسێن هەتیوێكی سەركەشی نەداربوو؟ لە رق و كینەی تۆڵەی هەژاریو هەست بەكەمیدا دەژیا؟ بۆیە كە گەیشتە سەرتەخت بو بە داگیركەرو مرۆڤ كوژ. لەمەش زیاتر دژ بە باڵندە، ژینگە وە سامانە سرووشتیەكان دەجەنگا. یان نەخوێندەوارێك بوو كە بڕوانامەی دواناوەندیشی بەساختە دەرهێنا؟ لەو باوەڕەدام دابین نەكردنی ویستی منداڵی هەموو جارێ وا نەیەتە كۆتای. وە بوون یا نەبوونی تەنها بڕوانامەی قوتابخانە نرخ نادات بە مرۆڤ، گەر وشیاری لەگەڵ نەبێ، تەنها چەكێكی باخەڵەو هیچیتر.

بۆ نموونە، چارلی چاپلین، (1) یەكێك بوو لە ئاكتەرە بەتواناكانی كە لە ئاستێكی جیهانیدا ناسرا. بوو بە سمبۆلی مرۆڤایەتی. ئێستا پەیكەری هەیە لە گەلێ لە ولاتانی دنیا. رۆژانێ منداڵی ئەو ئاكتەرە كۆمێدییە، لە سەر شەقامەكانی لەندەن سواڵكەێكی بێ باوكی برسی بوو. زۆجار پاشماوەی سەرەنوێلكی ناو كۆڵانەكانیش نانی چارلی برسی تیا نەدەبوو. زۆر سەرچاوە لەو باوەڕەدان كە دایكی ئافرەتێكی سۆزانی بووبێ. كاری لەش فرۆشی وەك نیوە كارێك و پیشە هەبووبێ. لە ئەنجامیشدا دووچاری نەخۆشیەك بوو پەیوەست بوو بەو كارەوە. نەقڵ بوو بۆ برای بچوكی چارلی كە لە سكی دایكیدابوو. لەپاشا هەر بەو نەخۆشیە مرد. ئەمە یەكێك و ناخۆشت ترین خاڵی ڕەشی ئەم مرۆڤە مەزنەبوو. لە ژییاننامە و بەیۆگرافی خۆیدا زۆر بە دەگمەن باس لە دایكی دەكات. لە كاتی ناوهێنانیشا ڕێزی لە دایكایەتی دایكی گرتوە، چونكە چارلی چاپلین زادەی گۆمەڵگایەكی پێشكەوتوو بوو. كە دەوڵەمەند بوو هەژاری خۆی لە بیربوو. وە لە پشت فرمێسكەكانیوە، جیهانێكی هێنایە پێكەنین.

نمونەیەكی تر، نووسەری بەناوبانگ ولیەم شەكسپیر، (2) ساڵی 1564-1616. یەكەم شیعری لە 18 مانگی نیسانی ساڵی 1593 دا بلاوكراوەتەوە. 37 شانۆگەری هەیە لەگەڵ 154 سرودو شیعر. شەكسپیر لە تەمەنی 18 ساڵیدا ئانای 26 ساڵ و زگپڕ دێنێ كەپاش كەمتر لە حەوت مانگ ژین ئەدا بەیەكەم كچی، تەنها كوڕی لە كۆی سێ منداڵ لە یانزەساڵیدا دەمرێ. لەساڵی 1585- 1592 دا خێزانە بچوكەكەی لە ستارفۆرد بەجێدێڵی

بەرەو لەندەن بۆ کار. شەکسپیر گەورەترین چیرۆکی خۆشەویستی (ڕۆمێۆ جولێت) ی نووسی لەکاتێکا خۆی بێ بەش بوو لەو خۆشەویستییە، هەر ئەوەش بوە مایەی جیابونەوەی لەئانا. ڕاستی سەلماندویەتی نووسینەکانی لە ئاستێکی جیهانیدا لە زانکۆو دانشگاکان وانەو قوتابخانەیەکی بەنرخن لە جیهانا، لەکاتێکا شەکسپیر خۆی خاوەنی هیچ کام لەم بڕوانامانە نەبوو.

با بگەڕێینەوە سەر سەدام و کارە تیرۆریەکانی کە لە ماوەی سی و پێنج ساڵ حوکمڕانی عێراق ئەنجامیدا.

به بەرچاوی گشت میدیاکانی جیهانەوە، نزیکەی نیو ملێۆن مرۆڤی کوردی لەناو برد. لە لاپەڕەیەکی قورئاندا ووشەی ئەنفالی دەرهێناو بەکاریهێنا بۆ توانەوەی ناسنامەی گەلێ. لە توڕەبونێکدا 8 هەزار نێرینەی بارزانی ئەنفال کرد، کچەپاکیزەکانی کوردی فرۆشت. لە توڕەبونێکی تردا کمیابارانی هەڵەبجەی کرد هیترو هیتریش کە تا ئەمرۆش گۆرە بە کۆمەڵەکان ژمارەیان نادیارە. ئەمە جگە لە تاك کوژی و زیندانی کردنی ئافرەت و دەستدرێژی کردنە سەریان. توڕەی و کینەی دکتاتۆر لە گەلی کورد تەواو نەبوو تا لەسەر تەخت لابرا. تاکو ئەمڕۆ بە ڕەسمی نەخودی عێراق خۆی وە نەهیچ دەوڵەتێکی عەرەب داوای لێبووردنیان لە گەلی کورد نەکرد. جگەلە چەند کەساییەتیەکی ڕۆشن فکری عەرەب نەبێ کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست کەمترن. چونکە جیهانی وان هێشتا پڕە لە تیرۆر. لەڕاستیدا، سەدام هەروەك خۆی تەنیا نەبوو، بیری تیرۆرو دڕندەی ئەو کەسانێ هەڵگرین کە خۆیان قوربانی تاوانەکانی بوون بەشێوازی جۆراو جۆر. دەگمەن ئەوەی سزای ئەوی دی ئاسای رەفتاری کرد. بۆ نمونە: شەڕی براکوژی کەکاردانەوەی دەسەڵاتی ئەو بوو جگەلە زیان و ناشتنی کینی دووبەرەکی ئەنجامێکی تری نەبوو. بەغدای ئەمڕۆ نمونەیەکی تری زیندووی تەواکردنی ئەو کارە تیرۆستانەیە کە لە سەرانی سەدامی دیکتاتۆر دەکرا. ڕێژەی کوشتن ڕۆژانە لە هەردوو سەردەمدا هاوسەنگن. بەڵام لە یەك ڕوانگەوە جیاوازن. سەدام بەدرۆیەکی قانونی پاساوی تاوانەکانی دەکردو زۆربەی شاراوەبوو. ئێستا بە شێوازی عەشایر، ئاین، مەزهەب، نەبوونی یاساپاساو دەکرێ و ڕوداوەکان بەرچاون. ئایا قووربانیان دێنە کۆتایی؟ لە تێڕوانینی منەوە لە ڤایرۆسێکی کوشندەی کۆمپیوتەر دەچێ تا زیاتر بمێنێتەوە زەرەرمەندترە و فایلێکی تری نوێ تووش ئەکا. تەنها دانانەوەی پرۆگرامێکی نوێ کۆمپیوتەرەکە دەپارێزێ. لە ژیانیشدا وشیاری، خوێندەواری، داهێنان، بیری نوێو ژینی نوێ وەلامن. هیوادارم بەرێز دادوەر رزگار کە نزیکە لە خێزانەکەم وە هیچ مرۆڤێکی تری ئەم زەمینە نەبێتە قوربانی دوارۆژەکانی ئەم دکتاتۆرە کە شایەنی ئەو هەموو قوربانیە نییە.

بەکورتی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کۆمەڵگای عەرەب بەتایبەتی هەژاری، شەڕ، وە نائاگایو وابەستەی بە دین بوون بە سمبۆل. هەرسێ زەمینەیەکی لەبارن بۆ لەدایك بوونی دیکتاتۆر. گەشەو هێزی ئەوانیش خۆراکەکەی خەڵکی سادەیە. گەر گەل وشیار بێ دیکتاتۆر دروست نابێ. وە سەدام لەدایك بوون و مردنی لەو کونە جاڵجالۆکەیە تێناپەڕێ کە خۆی تیا حەشاردابوو لە ترسی مەرگ، بێ ئەوەی مێژوو لەکەدارکاو کەس بیناسێ. لەو کاتەدا سەدام حسێنی دیکتاتۆر تەنها نۆێنەری خۆی دەبێ.

November 28 ،2005

Toronto ،Canada

سەرچاوەکان:
(1 (Charlie Chaplin Biography
(2 (William Shakespeare Biography